# خزمەتگوزاریی نیشتەجێکردنی سکۆتلەند (SIS)
## خزمەتگوزارییەکانی ئێمە

ئاپریلی 2011

scottish refugee council

OISC

HAPPY TO TRANSLATE

29th Floor
Petershill Drive 33
Glasgow, G21 4QQ
تەلەفۆن: 0141 558 6268
تەلەفۆن: **0800 085 6087** (پەیوەندی کردن بە هێڵی نەگۆڕ، و نەک مۆبایل، بەخۆڕاییە)
ماڵپەڕ: www.scottishrefugeecouncil.org.uk

**سەبارەت بە ئێمە**

خزمەتگوزاریی ناساندنی سکۆتلەند (**SIS**)، بەشێک لە ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندە.

ئێمە دامەزراوەیەکی خێرخوازین. ئێمە گرێدراوی حکومەتی بەریتانیا یان وەزارەتی ناوخۆ نین. خزمەتگوزارییەکانی ئێمە بە شێوەی نهێنی و سەربەخۆ پێشکەش دەکرێت.

ئێمە لە بواری لەبەردەستدابوونی پشتگیری پەنابەران (یارمەتی نەخت و نیشتەجێ کردن) راوێژکاریی و زانیاریی پێشکەشی پەناخوازەکان دەکەین، و دەتوانین ئێوە بۆ کەڵکوەرگرتن لە راوێژکاریی یاسایی و چاودێریی پزیشکی یارمەتی بدەین.

**کاتژمێرەکانی کارکردن**

| | |
|---|---|
| دووشەممە | 9:30 - 13:00 و 14:00 - 16:00 |
| سێشەممە | 9:30 - 13:00 و 14:00 - 16:00 |
| چوارشەممە | 14:00 – 16:00 |
| پێنجشەممە | 9:30 - 13:00 |
| هەینی | 9:30 - 13:00 و 14:00 - 16:00 |

**پەیوەندی کردن بە ئێمەوە**

ئێمە لە نهۆمی 29ی بینای YMCA لە شەقامی 33 Petershill Drive لە گلاسکۆ داین. بۆ گەیشتن بە نووسینگەی ئێمە لە نهۆمی 29 دا لە ئاسانسۆر کەڵک وەرگرن.




ئێمە لە جۆراوجۆری رێز دەگرین. خاوێنکردنەوەی خزمەتگوزاریی و شوێنی کار لە هەرجۆرە ئازار و جیاوازیدانانێک بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

ئێمە لەگەڵ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، جیاواز لە خزمایەتی، ئایین، تەمەن، نەتەوە، رەگەز یان رەچەڵەک، جینسییەت، حەزی جینسی یان کەمئەندامی، هاوکاری دەکەین.

Scottish Induction Service, 29th Floor, 33 Petershill Drive, Glasgow G21 4QQ تەلەفۆن: 0141 558 6268 فەکس: 0141 558 9397،
www.scottishrefugeecouncil.org.uk ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند دامەزراوەیەکی خێرخوازە کە لە سکۆتلەندا تۆمار کراوە. ژمارە SC008639 OISC: N2000100084

**ئێمە ناتوانین:**

- پارێزەریی (نوێنەریی و بریکاریی) ئێوە بۆ داواکاری پەنابەریەتی قبووڵ بکەین
- راوێژکاریی یاسایی قبووڵ بکەین؛ بەڵام دەتوانین لە بواری کەڵکوەرگرتن لە قازانجەکان و راڤەی یاساکان، رێنوێنی بکەین
- بریارە دراوەکان لەلایەن بەرپرسانی خۆجێیی یان وەزارەتی ناوخۆ بگۆرین

**بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی ئێمە**

ئێمە تێدەکۆشین کە یارمەتی ئێوە بدەین و دەزانین کە تووشیاری کێشە و زەختی زۆر دەبین. وێرای ئەوە، ئاکاری هەڕەشاوی، ترساندن یان دەرگیری چ لەلایەن کارگێران و چ سەردانکەران، قبووڵ ناکرێت. ئاکاری وەها، رەنگە ببێتە هۆی بێبەربوون لە چوون بۆ نووسینگەکان و وەرگرتنی خزمەتگوزاریی ئێمە.

**منداڵان**

چوونی منداڵان بۆ نووسینگەی SIS ئازادە. تکایە منداڵان لە ماڵدا بە تەنێ بەجێ مەهێڵن – ئەوانە لەگەڵ خۆ بهێنن بۆ دانیشتنەکان.

**پێشنیارەکان و سکاڵاکان**

ئێمە رێز دەگرین لە بیرِای ئێوە. بە پڕکردنەوەی پرسیارنامەی ئێمە، یارمەتی چاکتربوونی بەردەوامی خزمەتگوزاریەکانی ئێمە بدەن. نووسینی ناو لەسەر پرسیارنامەکە ئیجباری نییە.

بۆ سکاڵاکردن، دەتوانن لەگەڵ یەکێک لە راوێژکارانی ئێمە قسە بکەن یان فۆرمی سکاڵا کە لە نووسینگەی ئێمەدا هەیە پڕ بکەنەوە.

هەروەها دەتوانن سکاڵای خۆتان پێشکەشی نووسینگەی سەرپەرشتی کۆچبەریی (OISC) بکەن: http://www.oisc.gov.uk/

**خزمەتگوزاریەکانی ئێمە**

ئەو کارانەی لە SIS دا جێبەجێ دەکرێن:

- پێشکەش کردنی زانیاریی لەسەر رەوتی پەنابەریی
- پێشکەش کردنی زانیاریی و راوێژکاریی لە بواری پشتگیری و نیشتەجێ کردنی پەنابەران
- پێشکەش کردنی رێنوێنی لەسەر مافەکان و قازانجەکانی ئێوە
- پێشکەش کردنی شرۆڤە و روونکردنەوە سەبارەت بە بەڵگە گرنگەکان
- یارمەتیدانی ئێوە بۆ دۆزینەوەی نوێنەرێکی یاسایی رێگەپێدراوی چالاک لە بواری یاسای پەنابەری سکۆتلەندا
- دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لەلایەن ئێوەوە
- یارمەتیدانی ئێوە بۆ تۆمارکردنی ناو لە نووسینگەی پزیشکێکی گشتی و دابینکردنی نەخشە و رێنوێنی سەفەر بۆ چوونی ئێوە بۆ ئەوێ
- یارمەتیدانی ئێوە لە کاتی رووبەڕووبوون لەگەڵ ئازاری رەگەزایەتی، ئایینی، جینسی، جینسییەتی وەکو توندوتیژی/ کەڵکی نالەباری نێوماڵ
- ناردنی ئێوە بۆ لای دیکەی ئاژنسە پسپۆڕیەکان ئەگەر ئێمە نەتوانین کارێک بکەین
- یارمەتیدانی ئێوە بۆ سکاڵاکردن ئەگەر لەو یارمەتیانەی کە مافی خۆتانە کەڵک وەرناگرن
- پێشکەش کردنی زانیاریی بۆ ئێوە لە بواری کۆچبەریی و دیکەی رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەی ئێوە
- پێشکەش کردنی زانیاریی بۆ بەکارهێنان لە بواری ژیان لە بەریتانیا، بریتی لە هەندێ بوار وەکو ئینشورانسی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکانی ژیان